# شیکردنەوەیەکی ئاماری تایبەت بە خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان

(PP 24 - 36)

**ID No. 2201**

https://doi.org/10.21271/zjhs.22.5.2

**أميد صابر عبدالله شواني**

بەشی ئامار/ کۆلێژی بەڕێوەبردن وئابووری/ زانکۆی سلاحەددین – هەولێر

omiad2004@gmail.com

**وەگـــــــرتن : 2018/05/01**

**پەسندکردن : 2018/04/17**

**بڵاوکردنەوە : 2018/11/01**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی ئامارییە دەربارەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، سێ جۆرە بەراوردکاری تێدایە،یەکەم دەستپێکی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان پێش ڕاپەڕینی ئاداری 1991 کە پێشتر سەر بە خوێندنی باڵا بوو لە هەموو عێراق،دووەم پاش ڕاپەڕین تا دامەزراندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،سێ یەم دوای دامەزراندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان 2006، کە پێشتر لێژنەیەکی باڵا لە ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوەی دەبرد، بۆ ئەم مەبەستە چەندەها دەرئەنجام دەستکەوتووە لەوانە ڕێژەی زیاد بوونی زانکۆکان وستافی ئەکادیمی وزیاد بوونی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، هەندێک زانیاری دارایی وئامار دەربارەی خوێندنی تایبەت، لە ڕووی پلەی زانستی زیادبوونێکی بەرچاو بەدی دەکرێت لە هەموو پلە زانستی یەکان بە پێ ی بڕوانامەکانیان کە لە نێوان (194% بۆ 524%) بە بەراوردی 2006 بە 2017 کە ڕێژەی زیاد بوونی پلەی زانستی لە مامۆستا وە بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە لای هەڵگرانی ماستەر بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردوە کە دەگاتە (524%). گەشە کردنی زانکۆی حکومی لە سێ زانکۆ بۆ 15 زانکۆ (زانکۆی کوردستان سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە)، وە ژمارەی زانکۆ تایبەتەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە بە بەراورد بە 2006 کە یەک زانکۆ هەبوو ئێستا 15 زانکۆ و 11 پەیمانگای تایبەت هەیە. هەروەها ناردنە دەرەوەی چوار هەزار قوتابی و خوێندکاری لە پرۆسەی تواناسازی بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) لە زانکۆکانی دەرەوەی هەرێم.

**دەستەواژە گرینگەکان**: وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پلان دانان وئامار، نیشاندەر (المؤشرات). ژمارە پێوانەیەکان Index Number،نازناوی زانستی، خوێندنی حکومی، خوێندنی تایبەت، تواناسازی، پلەی وەزیفی.

## 1-1 پێشەکی


هـەرێمی کوردستان کەوتوەتە باکوری (عێراق)ەوە چوار پارێزگا لە خۆی دەگرێت (هەولێر پایتەختەکەیەتی، سلێمانی، دهۆک وهەڵەبجە) وە پارێزگای کەرکوک یەکێکە لە پارێزگا ناکۆکی لە سەرەکان لە گەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق کە بە پێ ی ماددەی دەستوری 140 دەبێت بڕیار لە چارەنووسی بدرێت، کاروانی زانست و خوێندنی باڵا لە کوردستان بەدامەزراندنی زانکۆی سلێمانی لە ساڵی (1968) دەستی پێکردوە، هەرچەندە بەر لە دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، گەنجانی کورد بۆ خوێندن دەچونە بەغداد و موصل و بەسرا و وڵاتانی دەوروبەری عێراق، بەڵام بەکردنەوەی زانکۆی سلێمانی ژمارەی فێرخوازانی خوێندنی باڵا لە شارەکانی کوردستان ڕوی لە زیادبون کرد، زانکۆ سلێمانی بوە ناوەندێکی گرنگ بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرانی کورد، بۆیە کاریگەری زۆری کردە سەر جۆشدانی بزاڤی سیاسی و شۆڕشی کورد لەو قۆناغەی مێژودا، هەربۆیە کاتێک ڕژێمی بەعس بەکودەتا دەسەڵاتی گرتە دەست سیاسەتەکانی بەرامبەر بەگەلی کورد و ڕووبەڕوبونەوەی شۆڕش دەستپێکرد، دوای هەرەس هێنانی وتوو وێژ لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد وحکومەتی عێراق وە دەست پێکردنەوەی شەڕ بە ناچاری زانکۆی سلێمانی گوازرایەوە بۆ شاری قەڵا دزێ لە ساڵی (1974)، دواتر ڕژێمی لەناوچو شاری قەڵادزێ بۆمب باران کرد و، بەهۆیەوە نزیکەی (124) کەس شەهید بون، هەروەک بەشێکی دیکەی زانکۆکەش لە شاری سلێمانی مابوەو، ئەوەبو دواتر

لە ساڵی (1981) زانکۆی سلێمانی گواستەوە هەولێر و، ناوەکەشی لە زانکۆی سلێمانیەوە گۆڕی بە زانکۆی سەڵاحەددین، ئەوکاتەش کە ئەو زانکۆیە گوێزرایەوە کەموکوڕیەکی زۆری هەبو، بۆ نمونە باڵەخانەی نەبو، بۆیە باڵەخانەی قوتابخانەکان هەروەک قوتابخانەی شامله وهەندێک لە ئامادەیەکانی تر و باڵەخانەی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێریان بۆ دابینکرا، ژمارەی کۆلیژەکان زۆر نەبون، بۆیە تا ڕاپەڕینی ساڵی (1991) خوێندنی باڵا لە کوردستان دەتوانین بڵێین تەنها بریتی بو لە زانکۆ زانکۆی سەڵاحەددین، کاتێکیش کە ڕاپەڕینی ساڵی (1991) ڕویدا، حکومەتی بەعسی ئێراقی ئیدارەی کێشایەوە، بۆیە زۆربەی مامۆستاکانی زانکۆکەش، کە بەشێکی زۆریان لە مامۆستایانی عەرەب بون بەرەو زانکۆکانی خوارو ناوەڕاستی ئێراق ڕاژەکەیان گواستەوە، ئەوەش فشارێکی زۆری خستە سەر پێشخستنی بواری خوێندنی باڵا لە کوردستان، هاوکات بڕیاری سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری فشارێکی دیکەی گەورەو زۆری خستە سەر زانکۆ، زۆرێک لە مامۆستاکان زیاتر لە چەند بابەتێکیان دەوتەوە. دواجار وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ساڵی 2006 دامەزرا لە کابینەی پێنجەم وە بووە یەکێک لە وەزارەتە دیارەکانی هەرێمی کوردستان جێ دەستی دیار بووە لە بوژانەوەی هەرێم لە پێداویستی زانستی لە هەموو ڕویەکەوە تەنانەت دەرچوەکانمان لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە باوەڕپێکراون، لە گەڵ تێبینیمان لەسەر هەندێک بەشی زانستی. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چوار کابینە تەمەنێتی کە دەکاتە یانزە ساڵ وەزیرەکانیش بە پێ ی ئەم خشتەیە بوو:

خشتەی ژمارە (1) ناوی وەزیرەکان و مێژووی دەستەبکار بوون ودەست لە کار هەڵگرتنیان

| ژ | ناو | مێژووی دەسەڵات | ماوەی دەسەڵات |
|---|---|---|---|
| -1 | د. ادریس هادی صالح | 2006/5/26 - 2009/10/28 | (3 ساڵ و 5 مانگ) |
| -2 | د. دلاوەر علاء الدین | 2009/10/28 – 2012/4/8 | (2 ساڵ و پێنج مانگ) |
| -3 | د. علی سعید | 2012/4/8 - 2014/6/18 | (2 ساڵ و دوو مانگ) |
| -4 | د. یوسف گۆران | 2014/6/18 - بەردەوامە تاکاتی نووسینەوەی توێژینەوەکە | (سێ ساڵ و هەشت مانگ) تا 2017/2/17 |

وەزارەتی خوێندنی باڵا لە شەش بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێک هاتوە هەریەکەیان بە پێ ی هەیکەلیەتی خۆی کە هەموویان لە نەخشەی ژمارە (1) ڕوون کراوەتەوە،




نەخشەی ژمارە (1) پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی


لەپەیکەری وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی دەبینین لە شەش فەرمانگە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی) پێک هاتووە وە 2 دەستەو 14 زانکۆی حکومی، هەروها لە 2 ڕاوێژکاری وەزیر و 5 یاریدەدەری بەڕیوبەری گشتی و 28 بەڕیوەبەرایەتی و 63 هۆبە، وە چوار پۆست بە پێ ی یاسا هەیە پڕ نەکراوەتەوە ئەوانیش دوو ڕاوێژکار وبریکاری وەزیر و یاریدەدەری فەرمانگەی پشکنین ودڵنیای جۆری. لە ڕووی پەیکەرەکە ئەوەی بەدی دەکرێت زیاد لە پێویست تەشەنەی کردوە دەکرێت زۆر لە بەڕیوەبەرایەتیەکان وهۆبەکان یەکبخرێن چونکە زۆر لە کارەکانیان یەک دەگرێت هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی خەرجی کەم بکاتەوە هەروها ژمارەی ژووری کەمتر دەوێت.

دوو سیستەمی خوێندنی زانکۆیی تێدایە حکومی وتایبەت، حکومی 14 زانکۆ لە خۆ دەگرێت وە تایبەت 15 زانکۆ و یانزە پەیمانگای تایبەت، بۆیە من دەچمە نێو قۆناغەکانی گەشەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان:

خشتەی ژمارە (2) ناوی زانکۆ حکومیەکان و مێژووی دامەزراندنیان

| ژ | زانکۆ University | | ساڵیدامەزراندنی زانکۆ |
|---|---|---|---|
| 1 | سەڵاحەددین/ هەولێر | Salahaddin / Erbil | 1968 |
| 2 | سلێمانی | Sulaimani | 1992 |
| 3 | دهۆك | Duhok | 1992 |
| 4 | کۆیە | Koya | 2003 |
| 5 | هەولێری پزیشکی | Hawler Medical | 2005 |
| 6 | سۆران | Soran | 2009 |
| 7 | پۆلیتەکنیکی هەولێر | Hawler Polytechnic | 2012 |
| 8 | پۆلیتەکنیکی سلێمانی | Sulaimani Polytechnic | 2012 |
| 9 | پۆلیتەکنیکی دهۆك | Duhok Polytechnic | 2012 |
| 10 | گەرمیان | Garmean | 2011 |
| 11 | هەڵەبجە | Halabja | 2011 |
| 12 | زاخۆ | Zakho | 2010 |
| 13 | ڕاپەڕین | Raparin | 2011 |
| 14 | چەرموو | Charmo | 2014 |

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە ساڵانی (1968-1991) یەک زانکۆمان هەبووە ئەویش زانکۆی سەڵاح الدین بوو دواتر دوو زانکۆی تر دروست کرا بە ناوەکانی (زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆک) لە ساڵەکانی (1992-2002)واتا لە ماوەی 34 چوار ساڵدا تەنها سێ زانکۆمان هەبوو لە ساڵی 2003 زانکۆی کۆیە کرایەوە وە دواتر کۆلێژە پزیشکیەکانی زانکۆی سەڵاحالدین جیا کرایەوە وە کرابە زانکۆیەکی پزیشکی بەناوی زانکۆی هەولێری پزیشکی لە ساڵی 2005 وە هەموو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو دەستەی خوێندنی تەکنیکی سلێمانی و هەولێر کۆکرابوونەوە لە ساڵی 1996، وە کران بە سێ زانکۆی پۆلیتەکنیکی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) لە ساڵی 2012، دواتر کردنەوەی زانکۆکان تەشەنەی کرد بەرەو قەزاکان لەوانە شەش زانکۆ کرانەوە لە نێوان ساڵەکانی 2009-2014(سۆران لە قەزای سۆران، زاخۆ لە قەزای زاخۆ، هەڵەبجە لە پارێزگای هەڵەبجە، گەرمیان لە قەزای کەلار، ڕاپەڕین لە قەزای ڕانیە، چەرمۆ لە قەزای چەمچەماڵ).




نەخشەی ژمارە (2) ژمارەی زانکۆکان بە پێ ی ساڵ

گەر سەیرێکی نەخشەی سەرەوە بکەین دەبینین زۆربەی زانکۆکان لە 2008 بەسەرەوە دامەزرێندراوە بۆ ئەوەی زیاترین خزمەت بە ڕەوتی زانست بکات.

**2-1 ئامانجی توێژینەوەکە**

خستنە ڕووی کۆمەڵێک نیشاندەری زانستی بۆ زانینی ئاستی خوێندن لە هەرێمەکەمان. هەروها کۆمەڵێک نیشاندەر لە سەر داتاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژسنەوەی زانستی.

**3-1 ڕێگاکانی کۆ کردنەوەی داتا**


پشت بەستراوە بە سەرجەم ئەو بەڵگەنامە تایبەتانەی لە بەریوەبەرایەتی  پلان دانان و ئامار، بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری، و ناوەندی وەرگرتن، وە گشت زانکۆکاندا تۆمار کراون .

**4-1 شیکردنەوەی توێژینەوەکە**

**(Bluman, 2008 ,2000 ,محمود ,1978 ,ر ,, M., 2011, TRIOLA, 2012Barnett, 1980)**


لەم بەشەدا لایەنی پراکتیکی خراوەتە ڕوو، ئەمەش بە شیکردنەوەی داتاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی بە بەکارهێنانی پێوەرو ئامرازی ئاماری بە یارمەتی پرۆگرامی کۆمپیوتەرSPSS version 23 و Excel 2016.

دەرچووان لە گشت زانکۆ و پەیمانگاکان لە ماوەی دامەزراندنی وەزارەتی خوێندنی باڵا تا 2015-2016 :




نەخشەی ژمارە (3) ژمارەی دەرچووان بە پێ ی ڕەگەز و ساڵی خوێندن لە 2006-2016

لەم بارچارتە دا دەبینین کە لە ماوەی ئەم دە ساڵە (234783) قوتابی و خوێندکار دەرچوون کە (115642 نێر (49.25%) و 119141 مێ (50.75%) کە زۆربەی دەرچووان لە ڕەگەزی مێ ینەن، وە بەتایبەتی لە دوای ساڵی (2010-2009) ەوە ڕێژەی مێینە زیادی کردوە، کە ئەمە نیشاندەرێکی باشە لە ڕووی یەکسانی جێندەری، لە هەمان کاتیشدا پێویستە حکومەتی هەرێم بە دوای چارەسەری دۆزینەوەی هەلی کار بێت بۆ ئەم دەرچووانە.




نەخشەی ژمارە (4) ژمارەی دەرچووان بە پێی ڕەگەز و ساڵ لە هەر سێ زانکۆ گەورەکانی هەرێم

ئەگەر سەرنجێک لەم وێنەیە بدەین دەبینین بەراوردی نێوان سێ زانکۆ پیشان دەدات لە ڕووی دەرچووانیان لە (2007-2006 تا 2015-2014) کە زانکۆی دهۆک توانیویەتی دەرچوانیان نزیک بکاتەوە لە دەرچووانی هەردوو زانکۆی سەلاحەدین وسلێمانی.

وەکو بەراوردکاریەکی وورد لە نێوان ساڵی 1991-2017 دەبینین زیادبوونێکی بەرچاو بە دیدەکرێت لە زۆربەی گۆڕاوەکان لە مامۆستایان وقوتابیان و کۆلێژ وبەش بە پێ ی زانکۆ حکومی وتایبەتەکان هەروەک لەم خشتەیە ئاماژەی پێکراوە:

خشتەی ژمارە (3) ژمار بەراورد کردنی زانیاری خوێندنی باڵا لە ساڵی 1991-1992 لەگەڵ 2017

<table>
<tr><th colspan="2">2017-2016</th><th colspan="2">1992-1991</th><th>ژمارەی</th></tr>
<tr><td colspan="2">14</td><td colspan="2">1</td><td>زانکۆ حکومیەکان</td></tr>
<tr><td colspan="2">98</td><td colspan="2">7</td><td>کۆلێژی زانکۆ حکومیەکان</td></tr>
<tr><td colspan="2">24</td><td colspan="2">3</td><td>پەیمانگا</td></tr>
<tr><td colspan="2">182</td><td colspan="2">12</td><td>بەش لە پەیمانگا</td></tr>
<tr><td colspan="2">12</td><td colspan="2">0</td><td>کۆلێژی تەکنیکی</td></tr>
<tr><td colspan="2">32</td><td colspan="2">0</td><td>بەش لە کۆلێژی تەکنیکی</td></tr>
<tr><td colspan="2">416</td><td colspan="2">34</td><td>بەش لە کۆلێژە حکومیەکان</td></tr>
<tr><td rowspan="2">8543</td><td>7372</td><td rowspan="2">560</td><td>355</td><td>مامۆستایان لە کۆلێژەکانی زانکۆ حکومیەکان</td></tr>
<tr><td>1171</td><td>205</td><td>مامۆستایان لە پەیمانگا و کۆلێژە تەکنیکیەکان لە زانکۆحکومیەکان</td></tr>
<tr><td rowspan="2">126155</td><td>96153</td><td rowspan="2">10166</td><td>7574</td><td>قوتابیان لە زانکۆ حکومیەکان</td></tr>
<tr><td>30002</td><td>2592</td><td>قوتابیان لە پەیمانگا و کۆلێژە تەکنیکیەکانی زانکۆحکومیەکان</td></tr>
<tr><td colspan="2">15</td><td colspan="2">0</td><td>زانکۆی ئەهلی</td></tr>
<tr><td colspan="2">11</td><td colspan="2">0</td><td>پەیمانگای ئەهلی</td></tr>
<tr><td colspan="2">31480</td><td colspan="2">0</td><td>قوتابیان لە زانکۆ ئەهلیەکان</td></tr>
<tr><td colspan="2">6759</td><td colspan="2">0</td><td>قوتابیان لە پەیمانگا ئەهلیەکان</td></tr>
<tr><td colspan="2">1619</td><td colspan="2">0</td><td>مامۆستایان لە زانکۆ ئەهلیەکان</td></tr>
<tr><td colspan="2">206</td><td colspan="2">0</td><td>مامۆستایان لە پەیمانگا ئەهلیەکان</td></tr>
</table>

وە تایبەت بە ژمارەی قوتابیان وخوێندکاران وە کۆلێژ وبەش لە نێوان ساڵەکان (2006-2017) بەم شێوەیە یە:

خشتەی ژمارە (4) ژمارەی بەش و کۆلێژ و قوتابیان بە پێ ی ڕەگەز وساڵ لە ماوەی 2006-2017

| ژ | ساڵی خوێندن | کۆلێژ (فاکەڵتی)/پەیمانگا | ژمارەی بەش | کۆ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | نێر | مێ | کۆ |
| 1 | 2007-2006 | 89 | 335 | 29909 | 24953 | 54862 |
| 2 | 2008-2007 | 91 | 347 | 35002 | 31040 | 66042 |
| 3 | 2009-2008 | 100 | 384 | 40020 | 36426 | 76446 |
| 4 | 2010-2009 | 106 | 485 | 42707 | 40982 | 83689 |
| 5 | 2011-2010 | 104 | 524 | 47435 | 46998 | 94433 |
| 6 | 2012-2011 | 85 | 488 | 46218 | 48274 | 94492 |
| 7 | 2013-2012 | 80 | 514 | 48649 | 51713 | 100362 |
| 8 | 2014-2013 | 101 | 579 | 51166 | 55002 | 106168 |
| 9 | 2015-2014 | 116 | 564 | 54450 | 60275 | 114725 |
| 10 | 2016-2015 | 94 | 560 | 58342 | 65224 | 123566 |
| 11 | 2017-2016 | 124 | 603 | 58685 | 67470 | 126155 |

لەم خشتەیە کۆمەڵێک نیشاندەرمان بۆ دەردەکەوێت لەوانە ڕێژەی زیاد بوونی قوتابیان وکۆلێژ و بەش:

$$\%Student = \frac{126155}{54862} - 1 = 130\%$$

$$\%College = \frac{124}{89} - 1 = 39\%$$ (Barnett, 1980, ر، 1978)

$$\%Departments = \frac{603}{335} - 1 = 80\%$$

دەبینین کە ڕێژەی زیاد بوونی قوتابیان وخوێندکاران لە ماوەی ئەم دە ساڵە 130% زیادی کردوە کە ئەمەش لە لایەک دڵخۆشکەرە وە لە لایەکی تریشەوە جێگای هەڵوەستەیە بۆ حکومەت بە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئایندەی ئەو قوتابیانە، هەروها لە ڕووی ژمارەی کۆلێژ بە ڕێژەی 39% زیادی کردوە هەروها لە کردنەوەی بەشی تازە بەهەمان شێوە زیادبونێکی بەرچاو بە دی دەکرێت ئەویش 80% یە.

$$\%Student(Male) = \frac{58685}{29909} - 1 = 96\%$$

$$\%Student(Female) = \frac{67470}{24953} - 1 = 170\%$$

هەروها لە ڕووی ڕەگەزەوە دەبینین ڕێژەی ڕەگەزی مێینە زۆر زیادی کردوە بە براورد بە ڕەگەزی نێرینە چونکە لەو ماوەیەدا ڕێژەی ڕەگەزی نێرینە 96% زیادی کردوە بەڵام ڕێژەی ڕەگەزی مێ ینە 170% زیادی کردوە ئەمەش نیشاندەرێکی باشە لە ڕووی جێندەری کە زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی بواری جێندەری لە لایان وایا مافی ئافرەت خوراوە لە بواری خوێندن.

**ناوەندی وەرگرتن:**

ژمارەی قوتابیانی دوانزەی ئامادەیی وەرگیراو لە خوێندنی باڵا:

خشتەی ژمارە (5) ژمارەی قوتابیانی وەرگیراو لە کۆلێژ وپەیمانگا حکومیەکان بە پێ ی ساڵ

| ساڵ | پێشکەش کردن | وەرگیروان | وەرنەگیراوان |
|---|---|---|---|
| 2009-2008 | 31393 | 21401 | 9992 |
| 2010-2009 | 25372 | هەمووی وەرگیراوە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2011-2010 | 27180 | 24860 | 2320 |
| 2012-2011 | 31880 | 28270 | 3610 |
| 2013-2012 | 45655 | 31866 | 13789 |
| 2014-2013 | 57842 | 34071 | 23771 |
| 2015-2014 | 53208 | 32339 | 20869 |


لەوساڵانەی کە قوتابیەکان وەرنەدەگیران وەزارەتی خوێندنی باڵا مافی دابووە قوتابیەکان بە چانسێکی تر بۆ ساڵی ئاینده بتوانن پێشکەشی زانکۆکان بکەنەوە بەڵام ئەم چانسە زۆر سوودی نەبوو چونکە ئەوانەی وەرنەگیران هەمووی خاوەن نمرە کەمەکان بوون ئەمەش ساڵ بە ساڵ نمرەی بەرزتر وەردەگیرا بۆیە دیراسەت کرا بە چانسێکی تر کە قوتابیان بتوانن ئاستی خۆیان بەرز بکەنەوە بە شێوازی (تحسین معدل) لەکاتی بەرزکردنەوەی نمرەکانیان بتوانن لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن، بەڵام ئەمەش هەر چارەسەری بەلێشاوی دەرچووانی نەکرد بۆیە بیر لە شێوازێکی تر کرایەوە ئەویش کردنەوەی خوێندنی ئێواران لە زانکۆ و پەیمانگاکان، لە پاڵ ئەمانەش زانکۆ وپەیمانگا تایبەتەکان ڕۆڵیان بینی لە وەرگرتنی قوتابیان هەرچەندە لە ڕووی داراییەوە ئەرکێکی قورسی دروست دەکرد لەسەر هاوڵاتیان وە بەتایبەتی دوای ئەو هەلومەرجە ئابووریەی کە بەسەر هەرێمی کوردستان هات لە ماوەی ساڵەکانی (2014-2018).

**بڕوانامەو پلەی زانستی:**

وە لە ڕووی جۆری بڕوانامەکان وپلەی زانستی دوو ساڵ بە نموونە وەردەگرم کە بەراورد لە نێوانیاندا ڕوون دەردەکەوێت:

خشتەی ژمارە (6) ژمارەی مامۆستایانی زانکۆ بە پێ ی بڕوانامەو پلەی زانستی و ڕەگەز بە پێ ی هەردوو ساڵی بەراورد 2006 و 2017

| بڕوانامە، پلەی زانستی/ساڵ، ڕەگەز | | 2006 | | | 2017 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕوانامە | پلەی زانستی | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| دکتۆرا | پرۆڤیسۆر | 65 | 8 | 73 | 211 | 33 | 244 |
| | برۆفیسۆری یاریدەدەر | 270 | 25 | 295 | 678 | 198 | 876 |
| | مامۆستا | 427 | 97 | 524 | 1192 | 508 | 1700 |
| ماستەر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 45 | 6 | 51 | 133 | 185 | 318 |
| | مامۆستا | 151 | 52 | 203 | 483 | 249 | 732 |
| | مامۆستای یاریدەدەر | 1059 | 531 | 1590 | 2872 | 1801 | 4673 |
| کۆی گشتی | | 2017 | 719 | 2736 | 5569 | 2974 | 8543 |
| بڕوانامە | دکتۆرا | 762 | 130 | 892 | 2081 | 739 | 2820 |
| | ماستەر | 1255 | 589 | 1844 | 3488 | 2235 | 5723 |
| پلەی زانستی | پرۆفیسۆر | 65 | 8 | 73 | 211 | 33 | 244 |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 315 | 31 | 346 | 811 | 383 | 1194 |
| | مامۆستا | 578 | 149 | 727 | 1675 | 757 | 2432 |
| | مامۆستای یاریدەدەر | 1059 | 531 | 1590 | 2872 | 1801 | 4673 |




نەخشەی ژمارە (5) ژمارەی مامۆستایان بە پێ ی بڕوانامەو پلەی زانستی وڕەگەز و ڕێژەی زیادبوون

لەم دوو چارتە لکێندراوەدا دەبینین زۆر نیشاندەری تێدایە کە هەندێکیان لەوانە باس دەکەین، لەوانە دەبینین ڕێژەی زیاد بوونی پلەی زانستی لە مامۆستا بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە لای هەڵگرانی ماستەر بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە کە دەکاتە (524%) واتا پێنج هەندە زیاتر بە بەراورد بە 2006، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ وماندوو بوونی هەڵگرانی ماستەر وە هەندێک تەگەرە لە پێشیان کە دەبێت نمرەی ئایڵتس 6 پلە بێت کە ئەمە لای زۆربەیان کارێکی زەحمەتە بۆیە لە بری بەرزکردنەوەی بڕوانامەکانیان ئەوا پلەی زانستیان بەرز تر کردوەتەوە لە ڕێگای توێژینەوەی زانستی. وە بەنیسبەت ڕێژەکانی تر بە هەمان شێوە زیادیان کردوە وە زیاد بوونەکەش لە نێوان (194% - 261).

**زانکۆ تایبەتەکان:**

سەبارەت بە زانکۆ تایبەتەکان لە کوردستان ئێستا 15 زانکۆی تایبەت و 11 پەیمانگای تایبەتمان هەیە کە نزیکەی (39000) قوتابی دەگرنە خۆیان کە وەکو ئەرک لە سەر حکومەت ئەرکێکی زۆر کەم دەکەنەوە جگە لەوەی باج دەدەن بە حکومەت (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی)، هەروها حکومەت هیچ ئەرکێک ناگرێتە خۆی لە ڕووی دابین کردنی مامۆستا وفەرمانبەر و بەشی ناوخۆیی و دەرماڵە بە قوتابیان وخوێندکاران، لە گەڵ ئەوەشدا پێویستە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەدواداچوون و چاودێری زیاتر بکەنە سەر ئەو زانکۆ و پەیمانگا تایبەتیانە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن تیایاندا چونکە هەندێک زانکۆ یان پەیمانگا هێشتا کەم وکوڕیان هەیە لە ڕووی ستاف وباڵە خانەوە.لەم خشتەیەدا ناوی زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان دەخەینە ڕوو لە گەڵ مێژووی دامەزراندنیان لەگەڵ ژمارەی کۆلێژ وبەشی زانستی.

بە نیسبەت ناوی زانکۆ وپەیمانگا تایبەتەکان و ژمارەی کۆلێژ وبەشەکانیان بەم شێوەیە:

خشتەی ژمارە (7) ناوو ساڵی دامەزراندن وژمارەی کۆلێژ وبەش لە زانکۆو پەیمانگا تایبەتەکان بۆ ساڵی 2017

| ژ | ز. زانکۆی، پ. پەیمانگای | ساڵی دامەزراندن | ژمارەی کۆلێژ | ژمارەی بەش |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ز. نوروز | 2005 | 10 | 20 |
| 2 | ز.کەمپی زانکۆی جیهان/هەولێر | 2007 | 5 | 15 |
| 3 | ز.لوبنانی فرنسی | 2007 | 3 | 13 |
| 4 | ز.ئەربیل | 2007 | 3 | 10 |
| 5 | ز.ئەمریکی لە عێراق/ سلێمانی | 2007 | | 6 |
| 6 | ز.ئیشك/ هەولێر | 2008 | 7 | 20 |
| 7 | ز.گەشەپێدانی مرۆیی | 2008 | 4 | 18 |
| 8 | ز.نۆلج | 2009 | 5 | 17 |
| 9 | ز.کۆمار بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا | 2010 | 3 | 10 |
| 10 | ز.کەمپی زانکۆی جیهان/سلێمانی | 2011 | 3 | 8 |
| 11 | ز.کەمپی زانکۆی جیهان/ دهۆك | 2013 | | 4 |
| 12 | ز.بەیان | 2014 | 3 | 9 |
| 13 | ز. کاسۆلیکی | 2015 | 3 | 11 |
| 14 | ز. لقی ئیشك/ سلێمانی | 2015 | 2 | 3 |
| 15 | ز. ئەمریکی لە دهۆك/ کوردستان | 2015 | | 1 |
| 16 | پ. نۆبڵی تایبەت | 2014 | | 7 |
| 17 | پ. تەکنیکی ڕواندزی تایبەت | 2014 | | 5 |
| 18 | پ. تەکنیکی روندز لقی ئاکرێ | 2015 | | 3 |
| 19 | پ. تەکنیکی پایتەخت | 2015 | | 6 |
| 20 | پ. تەکنیکی ئایندە | 2015 | | 6 |
| 21 | پ. تەکنیکی هەیبەت سوڵتان | 2015 | | 2 |
| 22 | پ. تەکنیکی تایبەت لە کەلار | 2015 | | 2 |
| 23 | پ. تەکنیکی کوردستان لە سلێمانی | 2015 | | 6 |
| 24 | پ. تەکنیکی دهۆك تایبەت | 2015 | | 2 |
| 25 | پ. تەکنیکی گەشە | 2016 | | 2 |
| 26 | پ. تەکنیکی ئارارات | 2017 | | 5 |
| کۆی گشتی (Overall Total) | | | 51 | 211 |

**دارایی وەزارەت:**

لە ڕووی دارایەوە زانکۆکان داهاتی خۆیان هەیە کە بە یاسا ڕێک خراوە بەتایبەتی لە ساڵی 2016 ەوە دەستی پێکردوە، هەموو داهاتەکانی زانکۆ و پەیمانگا حکومیەکان پێویستە لە داهاتەکانیان 3% بدەنە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وە 27% بە وەزارەتی دارایی (ئەگەر داهاتی زانکۆکان کەم بوون بە تایبەتی زانکۆ تازەکان ئەوە 17% یە) وە 70% بۆ خودی زانکۆکان سەرف بکرێت. هەروها ئەو داهاتانەی دیکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا جگە لە 3% ەکە پێویستە 55% یان بدەنە وەزارەتی دارایی و 45% بۆ خودی وەزارەت. کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەرکێکی باش کەم بکرێتەوە لە سەر حکومەتی هەرێم وە زانکۆکان ببنە خاوەن داهاتی خۆیان بە مەبەستی چارەسەر کردنی کەم وکوڕیەکانی زانکۆکان بەڵام ئەمەش پێویستی بە چاودێری وردی دارایی هەیە بۆ ئەوەی جێگای خۆی بگرێت. بۆ ئەم مەبەستە تا ئێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا و هەموو دامودەزگاکانیان توانیویانە نزیکەی 12.25 ملیار دینار بدەنە حکومەتی هەرێم لە ڕێگای وەزارەتی دارایی لە ساڵی (2016-کۆتایی 2017)، جگە لەوەی نزیکەی 43 ملیار دینار

داهاتی زانکۆکان بوون کە نزیکەی 30 ملیار دیناریان بۆ خەرجی زانکۆ تەرخان کردووە، وە بودجەی پێویست بۆ مووچەی هەمووفەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی مانگانە نزیکەی 39 ملیار دینارە.

**بە گشتی ستافی خوێندنی باڵا:**

ستافی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی خۆی دەگرێتەوە لە 18 یەکەی ژمێریاری هەرزانکۆیەک یەکەیەکی ژمێریاری بە خۆی هەیە هەروها دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوە زانستی یەکان و ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکی یەکان ودیوانی وەزارەت وچاپخانەی زانکۆی سەڵاح الدین کە بە کۆی گشتی ئەم دەزگایانە ژمارەی فەرمانبەران ومامۆستایانی زانکۆ بە پێ ی پلەی وەزیفیان بە گشتی دەگاتە 30258 فەرمانبەر ومامۆستای زانکۆ بەم شێوەیە:

خشتەی ژمارە (8) ژمارەی مامۆستایان وفەرمانبەران بە پێی پلەی وەزیفی وشار لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018

| پلەی وەزیفی | ژمارەی فەرمانبەران ومامۆستایان بە پێ ی شار 2018 | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆ |
| پلەی تایبەت/أ | 6 | 4 | 3 | 0 | 13 |
| پلەی تایبەت/ب | 41 | 40 | 21 | 1 | 103 |
| پلە /1 | 1038 | 566 | 234 | 20 | 1858 |
| پلە /2 | 1006 | 750 | 345 | 45 | 2146 |
| پلە /3 | 937 | 816 | 264 | 56 | 2073 |
| پلە /4 | 1124 | 906 | 598 | 63 | 2691 |
| پلە /5 | 2142 | 1555 | 950 | 124 | 4771 |
| پلە /6 | 2552 | 2212 | 1426 | 289 | 6479 |
| پلە /7 | 2425 | 2385 | 1373 | 297 | 6480 |
| پلە /8 | 1059 | 775 | 477 | 47 | 2358 |
| پلە /9 | 461 | 303 | 135 | 66 | 965 |
| پلە /10 | 123 | 144 | 46 | 8 | 321 |
| کۆی گشتی | 12914 | 10456 | 5872 | 1016 | 30258 |
| % | 43 | 35 | 19 | 3 | 100 |

کە بە گشتی 30258 فەرمانبەر ومامۆستای زانکۆ ئەم دەزگایە بەڕێوە دەبەن کە خوێندنی باڵایە لە هەرێمی کوردستان کە زۆربەی کەوتوەتە شاری هەولێرەوە(12914)کە 43 % فەرمانبەر ومامۆستایە دواتر سلێمانی35%، دهۆک19%، گەرمیانە3%. وە پلەی وەزیفی (6، 7) زۆرترین فەرمانبەر لەو دوو پلەیە کۆ بوونەتەوە کە دەکاتە نزیکەی 43%.

**ڕاگری کۆلێژ (فاکلتی) و پەیمانگاکان:** بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

خشتەی ژمارە (9) ڕاگرەکانی کۆلێژ و پەیمانگاکان بە پێ ی پلەی زانستی و بڕوانامە و ڕەگەزبۆ ساڵی 2017-2018

| ژمارە | زانکۆ | پلەی زانستی | دکتۆرا | | ماستەر | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| 1 | سەڵاحەددین/ هەولێر | پرۆفیسۆر | 2 | | | | 14 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 10 | 1 | | | |
| | | مامۆستا | 1 | | | | |
| 2 | سلێمانی | پرۆفیسۆر | 2 | 1 | | | 19 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 9 | 3 | | | |
| | | مامۆستا | 4 | | | | |
| 3 | دهۆك | پرۆفیسۆر | 5 | | | | 19 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 10 | 1 | | | |
| | | مامۆستا | 2 | 1 | | | |
| 4 | کۆیە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 4 | | | | 4 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | هەولێری پزیشکی | پرۆفیسۆر | 1 | | | | 5 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 2 | | 1 | 1 | |
| 6 | سۆران | پرۆفیسۆر | 2 | | | | 5 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 1 | | | | |
| | | مامۆستا | 2 | | | | |
| 7 | پۆلیتەکنیکی هەولێر کۆلێژی تەکنیکی+(پەیمانگای | پرۆفیسۆر | 0 + 1 | | | | 11 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 0 + 1 | | 1 + 1 | | |
| | | مامۆستا | 5 + 0 | | 1 + 0 | 1 + 0 | |
| 8 | پۆلیتەکنیکی سلێمانی کۆلێژی تەکنیکی+(پەیمانگای | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 4 + 2 | | | | 13 |
| | | مامۆستا | 4 + 3 | | | | |
| 9 | پۆلیتەکنیکی دهۆك کۆلێژی تەکنیکی+(پەیمانگای | پرۆفیسۆر | 1 + 1 | | | | 14 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 4 + 3 | | | | |
| | | مامۆستا | 3 + 2 | | | | |
| 10 | گەرمیان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 3 | | 1 | | 6 |
| | | مامۆستا | 2 | | | | |
| 11 | هەڵەبجە | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 4 | | | | 5 |
| | | مامۆستا | 1 | | | | |
| 12 | زاخۆ | پرۆفیسۆر | 1 | | | | 6 |
| | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 5 | | | | |
| 13 | ڕاپەڕین | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 2 | 1 | | | 5 |
| | | مامۆستا | 2 | | | | |
| 14 | چەرموو | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 1 | | | | 3 |
| | | مامۆستا | 2 | | | | |
| | کۆ | | 114 | 8 | 5 | 2 | 129 |

لە خشتەی سەرەوە تایبەت بە ڕاگری کۆلێژ وپەیمانگاکان هەندێک نیشاندەرمان بۆ دەردەکەوێت لەوانە، 7 ڕاگری کۆلێژمان هەیە لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرن لە کۆی 129 ڕاگر کە دەکاتە نزیکەی 5%، هەروها 10 ڕاگری مان هەیە لە ڕەگەزی مێ ینەن لە کۆی 129 ڕاگر کە ئەمەش دەکاتە نزیکەی 8% ئەمەش جێگای هەڵوەستەیە کە ڕێژەی ئافرەت لە وەرگرتنی پۆستی ڕاگری کۆلێژ زۆر نزمە. وە هیچ سەرۆک زانکۆیەکمان نیە لە ڕەگەزی مێ ینە بۆ ساڵی 2017.

**3-1 دەرئەنجامەکان**

گرینگترین ئەو خاڵانەی کە دەرئەنجامی توێژینەوەکەن ئەمانەن:

1- خوێندنی باڵا لە ڕووی ژمارەی زانکۆکان بە ڕێژەی (180)% زیادی کردوە بەراورد بە ساڵی 2006.

2- لە ڕووی چەندایەتیەوە بەرە پێشچونێکی باش هاتۆتە دی کە ئەمەش مایەی دڵخۆشیە، لە هەمان کاتتدا پێویستە حکومەتی هەرێم بیر لە دۆزینەوەی هەلی کار بکات بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا کان.

3- ڕێژەی زیاد بوونی پلەی زانستی لە مامۆستا وە بۆ پرۆفیسۆری لە لای هەڵگرانی ماستەر بەرزترین نرخی تۆمار کردوە کە دەکاتە (524%) واتا پێنج هەندە زیاتر بە بەراورد بە 2006، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ وماندوو بوونی هەڵگرانی ماستەر وە هەندێک تەگەرە لە پێشیان کە دەبێت نمرەی ئایڵتس 6 پلە بێت کە ئەمە لای زۆربەیان کارێکی زەحمەتە بۆیە لە بری بەرزکردنەوەی بڕوانامەکانیان ئەوا پلەی زانستیان بەرز تر کردوەتەوە لە ڕێگای توێژینەوەی زانستی.

4- دەبینین کە ڕێژەی زیاد بوونی قوتابیان وخوێندکاران لە ماوەی ئەم دە ساڵە 130% زیادی کردوە کە ئەمەش لە لایەک دڵخۆشکەرە وە لە لایەکی تریشەوە جێگای هەڵوەستەیە بۆ حکومەت بە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئاییندەی ئەو قوتابیانە، هەروها لە ڕووی ژمارەی کۆلێژ بە ڕێژەی 39% زیادی کردوە هەروها لە کردنەوەی بەشی تازە بەهەمان شێوە زیادبونێکی بەرچاو بە دی دەکرێت ئەویش 80% یە.

5- هەروها لە ڕووی ڕەگەزەوە دەبینین ڕێژەی ڕەگەزی مێینە زۆر زیادی کردوە بە براورد بە ڕەگەزی نێرینە چونکە لەو ماوەیەدا ڕێژەی ڕەگەزی نێرینە 96% زیادی کردوە بەڵام ڕێژەی ڕەگەزی مێ ینە 170% زیادی کردوە ئەمەش نیشاندەرێکی باشە لە ڕووی جێندەری کە زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی بواری جێندەری لە لایان وایا مافی ئافرەت خوراوە لە بواری خوێندن.

6- تا ئێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا و هەموو دامودەزگاکانیان توانیویانە نزیکەی 12.25 ملیار دینار بدەنە حکومەتی هەرێم لە ڕێگای وەزارەتی دارایی.

7- لەڕووی پەیکەرەوە توانیویەتی زۆربەی کەمو کوڕیە کارگێریەکان پڕ بکاتەوە لە گەڵ هەبوونی تێبینی لەسەری.

8- بە گشتی 30258 فەرمانبەر وماموستای زانکۆ ئەم دەزگایە بە ڕێوە دەبەن کە خوێندنی باڵایە لە هەرێمی کوردستان کە زۆربەی کەوتوتە شاری هەولێرەوە(12914)کە 43 % فەرمانبەر وماموستایە دواتر سلێمانی35%، دهۆک19%، گەرمیانە3%. وە پلەی وەزیفی (6، 7) زۆرترین فەرمانبەر لەو دوو پلەیە کۆ بوونەتەوە کە دەکاتە نزیکەی 43%.

9- تایبەت بە ڕاگری کۆلێژ وپەیمانگاکان هەندێک نیشاندەرمان بۆ دەردەکەوێت لەوانە، 7 ڕاگری کۆلێژمان هەیە لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرن لە کۆی 129 ڕاگر کە دەکاتە نزیکەی 5%، هەروها 10 ڕاگری مان هەیە لە ڕەگەزی مێ ینەن لە کۆی 129 ڕاگر کە ئەمەش دەکاتە نزیکەی 8% ئەمەش جێگای هەڵوەستەیە کە ڕێژەی ئافرەت لە وەرگرتنی پۆستی ڕاگری کۆلێژ زۆر نزمە.

**ڕاسپاردەکان**

گرنگترین ئەو ڕاسپاردانە:

1- بایەخ دان بە کوالیتی خوێندن لە هەموو ڕوویەکەوە.

2- بەستنەوەی داتاو زانیاری هەموو دامودەزگاکانی وەزارەت بەیەک پاکێج.

3- تەواو کردنی بەرنامە وپلانی وەزارەت لە دوای گۆڕینی هەر وەزیرێک.

4- ناردنی قوتابیان بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی تەواو کردنی خوێندنی ماستەر ودکتۆرا بۆ زانکۆ باشەکانی جیهان.

5- هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی هەلی زیاتر بۆ ئارەزومەندانی تەواو کردنی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان چونکە لە کاتی نەبوونی پەنا دەبەنە بەر ئەو وڵاتانەی کە ئاستی خوێندن تیایاندا زۆر نزمن کە تەنانەت تەنها بڕوانامە بەخشینەوەیە.

6- پێویستە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەدواداچوون و چاودێری زیاتر بکەنە سەر ئەو زانکۆ و پەیمانگا تایبەتیانە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن تیایاندا چونکە هەندێک زانکۆ یان پەیمانگا هێشتا کەم وکوڕیان هەیە لە ڕووی ستاف وباڵە خانەوە.

7- زۆربەی زانکۆ وپەیمانگاکان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی داهاتی خۆیان هەیە بۆیە پیویستی بە چاودێری دارایی چڕ هەیە بۆ ئەوەی ئەو داهاتە جێگای خۆی بگرێت.

8- پێویستە لە دابەش کردی پۆستی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلێژ و سەرۆک بەشەکان مافی ڕەگەزی مێ ینە بدرێت چونکە ڕێژەکەیان زۆر کەمە.

9- پێویستە لایەنی ماددی ومەعنەوی خوێندنی باڵا بە هەن وەربگیرێت وە هەوڵ بدرێت ژیان وگوزرانی ماموستایان وفەرمانبەرانی کەرتی خوێندنی باڵا وە هەموو کەرتەکانی تر باشتر بکرێت بۆ ئەوەی زیاترین خزمەت بکەن چونکە لە ماوەی ساڵانی (2015-2018) تووشی کۆمەڵێک گرفتی دارای بوونەوە لە وانە پاشەکەوت کردنی مووچەکانیان بە ڕێژەی 75% وە کەمتر.

**سەرچاوەكان:**


BARNETT, W. 1980. *Economic monetary aggregates an application of index number and aggregation theory*.

BERIWAN KH. SHARON L., K. G. Revitalizing Research in Kurdistan. International Conference, 2010. Erbil-Kurdistan Region, Iraq.

BLUMAN, A. G. 2008. *Elementary statistics: A step by step approach*, McGraw-Hill Companies, Inc.

M., K. M. 2011. On Route to Quality the Reformation of Higher Education in Kurdistan Region, Iraq.

TRIOLA, M. F. 2012. Elementary Statistics Technology Update. 11.

ر, ش. م. 1978. ملخصات سشوم نظريات ومسائل في الاحصاء, دار ماكجروهيل للنشر.

محمود, ا. خ. 2000. المدخل الى الاحصاء, جامعة الموصل، العراق.

وەزارەت, ڕ. a2009. چالاكییەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی له كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان 2006-2009. هەولێر، عێراق.

وەزارەت, ڕ. b2009. دەستكەوتەكانی وەزارەت له كابینەی پێنجەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان. هەولێر، عێراق.

وەزارەت, ڕ. 2017. سایتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.


**دراسة احصائية عن التعليم العالي في اقليم كوردستان**

**ملخص**


هذا البحث دراسة احصائية عن التعليم العالي في اقليم كوردستان، يحتوي على ثلاث مقارنات، هي تأسيس التعليم العالي في اقليم كوردستان قبل انتفاضة سنة 1991 ضمن التعليم العالي في عموم العراق، وتخص المقارنة الثانية تطور التعليم العالي في الإقليم بعد انتفاضة 1991 لحد تأسيس وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في الإقليم إذ كانت هناك لجنة عليا تابعة لمجلس الوزراء تشرف على مسيرة التعليم العالي في الاقليم، وتضم المقارنة الثالثة النهوض بالتعليم العالي في الإقليم منذ تأسيس الوزارة سنة 2006، ولحد الان. وتم الوصول الى مجموعة من النتائج ومنها زيادة نسبة الجامعات والهيئة التدريسية وزيادة نسبة الخريجيين من الجامعات والمعاهد الحكومية والخاصة، إضافة الى مجموعة من المعلومات المالية والاحصائية عن الجامعات الخاصة، فضلاً عن زيادة نسبة اللقب العلمي بصورة واضحة في كافة الالقاب العلمية حسب الشهادات وتتراوح الزيادة (194% الى 524%) بمقارنة سنة 2006 بـ 2017 ولا سيما اللقب العلمي من مدرس الى استاذ مساعد لحملة شهادة ماجستير شهد أعلى نسبة 524%، ومن خلال مقارنة 2006 بسنة 2017 و ازدادت الجامعات الحكومية من 3 جامعات الى 15 جامعة (ومنها جامعة كوردستان التابعة لمجلس الوزراء)، كما أزدادت عدد الجامعات الخاصة بشكل واضح ففي سنة 2006 كانت لدينا جامعة خاصة واحدة في حين توجد الآن 15 جامعة و 11 معهداً، وتم ابتعاث 4000 طالب وطالبة في برنامج بناء القدرات (توانا سازى) لاكمال الدراسات العليا (ماجستير و دكتوراه) في الاختصاصات الضرورية لإقليم كوردستان، فضلاً عن مجموعة من المؤشرات و النتائج كما هي مدونة في صفحات البحث وأسطره.


**A Statistical Study about the Higher Education in Kurdistan Region**

**ABSTRACT**


This article is a statistical study about the development of higher education in the Kurdistan Region. The study includes three types of comparisons, before and after the 1991 uprising until the establishment of the Ministry of Higher Education and scientific research in the Kurdistan Region as there was a Higher Committee of the Council of Ministers oversees the process of higher education, and the promotion of higher education in the Kurdistan Region since the establishment of the ministry in 2006. A number of results were obtained, including increasing the percentage of universities and teaching staff and increasing the percentage of graduates from universities in government and private institutes, in addition to a set of financial and statistical information about private universities, as well as increasing in the number of academic staff with different level of scientific titles. By comparing 2006 and 2017, especially the scientific title from teacher to assistant professor by the master degree holders, which show the highest rate (524%). Moreover, the number of public universities has been increased from 3 to 15 universities, while private universities have increased significantly from one private to 15 universities and 11 institutes. Furthermore, about 4,000 students were enrolled in the capacity building program to complete the postgraduate studies (MSc and PhD) in international universities.